دەستپێکردنەوەی هێڵی شەمەندەفەری نەفەر هەڵگر لە بەغداوە بۆ بەسرە

ئەمڕۆ شەممە کۆمپانیای هێڵی ئاسنی عێراقی دەستپێکردنەوەی کارەکانی شەمەندەفەری نەفەر هەڵگرەکانی ڕاگەیاند کە بەرەو پارێزگای بەسرە دەڕوات، کە بە پارێزگاکانی باشووردا تێدەپەڕێت.

لە بەیاننامەیەکی کۆمپانیاکەدا هاتووە: دەستی بە کارەکانی شەمەندەفەری نەفەر هەڵگرەکان کردووەتەوە کە بەرەو پارێزگای بەسرە دەڕوات، بە پارێزگاکانی باشووردا تێدەپەڕێت.

ئەوەشی خستۆتەڕوو : دەستپێکردنەوەی ئەو شەمەندەفەرانە دوای ڕاگرتنی خزمەتگوزارییەکانی شەمەندەفەر دێت بۆ وێستگەی شەمەندەفەری بەسرە و گەڕانەوە لە هەفتەی ڕابردوود، ئەمەش بۆ ئاسانکاری بوو بۆ کارئاسانیکردنی ئەو شەمەندەفەرانەی کە زیارەتکاران دەگوازنەوە بۆ کەربەلا و لە کەربەلاوە بۆ یادکردنەوەی یادی ئەربەعینییە بە شەهیدبوونی ئیمام حسێن (سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت).